# داتاو زانیاری لەبارەی چاکسازییەکانی شاری هەولێر.

ئەوەی خوارەوە بریتییە لەوەڵامی ئەو فۆڕمەی بەتایبەتی بۆ ئیدارەی چاکسازی گەورانی هەولێر ئامادە کراوەو، لەلایەن ئەوانەوە بۆمان پڕ کراوەتەوە. بێگومان ئەم فۆڕمە ئەگەرچی هەندێك ژمارەی گرنگ لەخۆ دەگرێت، بەڵام زانیاری زۆر وردی تێدا نییەو بەشێوەیەکی تەقریبی پڕکراوەتەوە، نەوەکو بەشێوەیەکی ورد.

| شار | هەولێر | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی چاکسازی | چاکسازی گەورانی هەولێر | | | |
| ژمارەی گشتی بەندییەکان | ١٤٠٠ بەندی | | | |
| ژمارەی ئەو کەسانەی ئالوودە بوون | ١٦٠ سزادراو | | | |
| تەمەنی ئالوودە بوو | | (١٩) بۆ (٣٠) ساڵ، (٤٥) کەس | (٣٠) بۆ (٤٠) ساڵ، (٨٠) کەس | سەرووی (٤٠) ساڵ، (٣٥) کەس |
| ئایین | ئیسلام (زۆرینەی ڕەها) | مەسیحی (دەگمەن) | سابیئە (نییە) | هی تر (هەیە) |
| باری تەندروستی | تەندروست (١٤٠) کەس | نەخۆشی درێژخایەن (١٥) کەس | کەم ئەندام (٥) کەس | |
| باری دەروونی | زۆرینەیان تەندروستن | نەخۆشی دەروونی (کەمە) | نەخۆشی عەقڵی (١٠) کەس | |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | سەرەتایی، ناوەندی | پەیمانگا، زانکۆ | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت | خێزاندار (زۆرینە) | جیابۆتەوە، هاوسەری مردووە | |
| بنەماڵەکەی سەردانی دەکەن | بەڵێ (هەموویان) | نەخێر | | |
| دانیشتووی | شار (زۆرینە) | قەزاو ناحیەو گوند (کەم) | | |

| پیشەو کار | بێکارە (زۆرینە) | خاوەن کارە (کەم) |
|---|---|---|
| پێشتر بەندکراوە | نەخێر پێشتر بەند نەکراون | |
| چەندجار حوکم دراوە | نییە | |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەو چاکبوونەوە؟ | نەخێر | |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر بەرنامەی ئامادەکردنەوەی دەروونی؟ | نەخێر | |
| پەشیمانی پێوە دیارە؟ | بەڵێ | |
| ڕەفتاری ئاساییە یا کێشەدارە؟ | نەخێر | |
| جۆری ئەو مادەیەی ئالوودەی بووە؟ | زۆرینەیان بەحەبی بێ هۆشکەر (ترامادۆل). | |
| شێوازەکانی ئالوودەبوون | بەهۆی برادەرانەوە. | |
| چۆنیەتی دەسکەوتنی مادەی هۆشبەر | لەڕێگای نێوانگیر. | |

فۆڕمی تایبەت بەئالوودە بووان کە لەلایەن خۆیان پڕ کراوەتەوە، ئێمە تەنیا نموونەیەکمان لەنێو بەندییەکان وەرگرتووە، بەو مانایەی لەکۆی (١٦٠) حاڵەتی ئالوودە بوون بەمادەی هۆشبەر، تەنیا (٣٣) کەسمان بەشێوەیەکی عەشوایی هەڵبژاردووە، بەخۆیان فۆڕمەکانیان پڕ کردۆتەوە، یا ئەگەر خوێندەوارییان نەبووبێت، هاوکاریکراون.

| شار | هەولێر | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی چاکسازی | چاکسازی گەورانی هەولێر | | | |
| ژمارەی گشتی بەندییەکان | | | | |
| ژمارەی ئەو کەسانەی فۆڕمیان پڕکۆدتەوە | (٣٣) بەندی | | | |
| تەمەنی ئالوودە بوو | کەمتر لە (١٩) ساڵ، (٢) کەس | (١٩) بۆ (٣٠) ساڵ، (٣) کەس | (٣٠) بۆ (٤٠) ساڵ، (٣) کەس | سەرووی (٤٠) ساڵ، (٢) کەس |
| ئایین | ئیسلام (٧) کەس | مەسیحی | سابیئە | هی تر (٢) کەس |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار (٦) کەس | سەرەتایی (١١) کەس | ناوەندی (١٠) کەس، پەیمانگا (٢) کەس، زانکۆ (٣) کەس | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت (١٣) کەس | خێزاندار (١٤) کەس | جیابۆتەوە (٦) کەس | |
| بنەماڵەکەی سەردانی دەکەن | بەڵێ (٢٩) کەس | نەخێر (٤) کەس | | |
| دانیشتووی | شار (٢٢) کەس | قەزاو ناحیەو گوند (١١) کەس | | |
| پیشەو کار | بێکارە (١٢) کەس | خاوەن کارە (١٨) کەس | | |
| پێشتر بەندکراوە | (٤) کەس پێشتر بەندکراون، (٢) کەس لەوانە بەهۆی شەڕکردن بۆ ماوەی کەم ڕاگیراون. بەڵام، (٢) کەسی تر پێشتر لەسەر کەیسی تر حوکم دراون. | | | |

| | | |
|---|---|---|
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەو چاکبوونەوە؟ | بەڵێ (١٤) کەس | نەخێر (١٩) کەس |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر بەرنامەی ئامادەکردنەوەی دەروونی؟ | بەڵێ (١٤) کەس | نەخێر (١٩) کەس |
| پەشیمانی پێوە دیارە؟ | (٢٩) کەس لەوانەی فۆڕمیان پڕ کردۆتەوە پەشیمانن، (٤) کەسیش ئەم خانەیەیان پڕ نەکردۆتەوە. | |
| ڕەفتاری ئاساییە یا کێشەدارە؟ | ئاساییە (٢٠) کەس | کێشەدارو نائاساییە (١٣) کەس |
| جۆری ئەو مادەیەی ئالوودەی بووە؟ | (١١) کەس بەحەشیش، (٢١) بەحەبی هۆشبەر، (١) کەس بەتلیاك. (٣) کەس لەوانە فۆڕمیان پڕ کردۆتەوە زیاتر لەمادەیەکی هۆشبەر بەکاردێنن. | |
| شێوازەکانی ئالوودەبوون | (٣١) لەوانە لەڕێگای هاوڕێی خراپەوە فێری مادەی هۆشبەر بوون. (٢) فۆڕمەکەی تر وەڵامیان نەداوەتەوە. | |
| چۆنیەتی دەسکەوتنی مادەی هۆشبەر | (٩) کەس لەوانە لەڕێگای وەسیتەوە مادەی هۆشبەریان دەسکەوتووە. (١٢) کەسیشیان لەڕێگای برادەرانەوە دەستیان کەوتووە. (٩) کەسیشیان لەڕێگای خەڵکانێکی نەناسراوەوە دەستیان کەوتووە. (٣) کەسییان لەڕێگای هاتووچۆکردن بۆ سنوور دەستی کەوتووە. (٤) کەس لەوانەی فۆڕمەکانیان پڕ کردۆتەوە، ئاماژەیان بەوە داوە لەکافێیەکان فێربوون و بەکاریان هێناوە. | |
| باری تەندروستی | (٧) کەس لەوانەی فۆڕمەکەیان پڕ کردۆتەوە ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە بەهۆی بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر تەندروستیان تێکچووەو بردراونەتە نەخۆشخانە. (٢٣) کەسیش ئەم خانەیەیان پڕ نەکردۆتەوە، (٣) کەسیش ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە باری تەندروستیان باشبووە. | |

## خوێندەوەیەك بۆ داتاو زانیارییەكانی چاكسازی گەوران لەشاری هەولێر.

١) لەنێو (٣٣) كەسدا، تەنیا (١٠) كەس تەمەنی خۆیان ئاشكرا كردووە.

٢) لەنێو (٣٣) كەسدا، تەنیا (٩) كەس ئایینی خۆیان ئاشكرا كردووە.

٣) لەنێو (٣٣) كەسدا، تەنیا (١) كەس ئاستی خوێندەواری خۆی ئاشكرا نەكردووە.

٤) تەنیا (٣) كەس ئاماژەیان بۆ ئەوە نەكردووە كە بێكارن، یا خاوەن پیشەو كارن.

٥) تەنیا (٤) كەس پێشتر بەتۆمەتی تر دەسگیركراون و بەندكراون.

٦) زۆرینەی بەندییەكان نەخراونەتە نێو هیچ بەرنامەیەك بۆ ئامادەكردنەوەو یارمەتیدانی دەروونی.

٧) زۆرینەی هەرە زۆریان ئاماژەیان بۆ ئەوە كردووە كە پەشیمانن لەوەی ئالوودە بوون و ئامادەن بچنە نێو پرۆگرامی تایبەت بەچاكبوونەوە.

٨) زۆرینەیان بەحەب ئالوودە بوون، دواتر ئینجا حەشیش و مادەكانی تر دێت.

٩) زۆرینەیان لەڕێگای هاوڕێكانیانەوەی ئالوودە بوون.

## داتاو زانیاری لەبارەی چاکسازی ئافرەتان لەشاری هەولێر.

ئەوەی خوارەوە بریتییە لەوەڵامی ئەو فۆڕمانەی بەتایبەتی بۆ ئالوودە بووانی نێو چاکسازی ئافرەتان ئامادە کراوەو، لەلایەن ئەوانەوە پڕ کراوەتەوە.

| شار | هەولێر | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی چاکسازی | چاکسازی ئافرەتانی هەولێر | | | |
| ژمارەی گشتی بەندییەکان | | | | |
| ژمارەی ئەو کەسانەی فۆڕمیان پڕکۆدتەوە | (١٠) بەندی | | | |
| تەمەنی ئالوودە بوو | کەمتر لە (١٩) سال (نییە) | (١٩) بۆ (٣٠) ساڵ (٧) کەس | (٣٠) بۆ (٤٠) ساڵ (٣) کەس | سەرووی (٤٠) ساڵ (نییە) |
| ئایین | ئیسلام (١٠) کەس | مەسیحی | سابیئە | هی تر |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار (٥) کەس | سەرەتایی (٣) کەس | ناوەندی (٢) کەس | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت (٤) کەس | خێزاندار (٦) کەس | | |
| بنەماڵەکەی سەردانی دەکەن | بەڵێ (٤) کەس | نەخێر (٦) کەس | | |
| دانیشتووی | شار (٩) کەس | قەزاو ناحیەو گوند (١) کەس | | |
| پیشەو کار | بێکارە (١٠) کەس | | | |
| پێشتر بەندکراوە | (١) کەس پێشتر بەندکراوە. | | | |

| | | |
|---|---|---|
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەو چاکبوونەوە؟ | بەڵێ (٩) کەس | نەخێر (١) کەس |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر بەرنامەی ئامادەکردنەوەی دەروونی؟ | بەڵێ (٨) کەس | نەخێر (٢) کەس |
| پەشیمانی پێوە دیارە؟ | (١٠) کەس | |
| ڕەفتاری ئاساییە یا کێشەدارە؟ | ئاساییە (٤) کەس | کێشەدارو نائاساییە (٦) کەس |
| جۆری ئەو مادەیەی ئالوودەی بووە؟ | کریستال، هیرۆیین، تلیاك. | |
| شێوازەکانی ئالوودەبوون | لەڕێگای برادەر. | |
| چۆنیەتی دەسکەوتنی مادەی هۆشبەر | برادەر، بازاڕ. | |
| چەند دەبێت ئالوودەیە | (٨) کەس چەند مانگێکە، (٢) کەس چەندساڵێکە. | |

## خوێندەوەیەك بۆ داتاو زانیارییەكانی چاكسازی ئافرەتان لەشاری هەولێر

١) (٤) لەئالوودەبووان سەڵتن، بەڵام (٦) لەئالوودەبووان خێزاندارن.

٢) (٤) لەئالوودەبووان بنەماڵەكەیان سەردانیان دەكەن و پێوەندی كۆمەڵایەتییان ماوە، (٦) لەئالوودەبووان پێوەندی كۆمەڵایەتییان پچڕاوەو بنەماڵەكانیان سەردانیان ناكەن.

٣) (٩) لەئالوودەبووان دانیشتووی شاری هەولێرن، تەنیا (١) كەس دانیشتووی قەزایەكی دەرەوەی هەولێرە.

٤) هەر هەموو ئەو ئافرەتانەی فۆڕمیان پڕ كردۆتەوە بێكارن و هیچ ئیش و وەزیفەیەكیان نییە.

٥) لەناو ئەو فۆڕمانەی پڕ كراونەوتەوە، تەنیا (٢) كەس چەند ساڵێكە ئالوودەبوون، (٨) كەس لەوانە تازە چەند مانگێكە ئالوودەبوون، بەمانای ئەوەی لەو چەند مانگەی دواییدا ئالوودەبوون بەمادەی هۆشبەر بەفراوانی بڵاوبۆتەوە.

٦) تەنیا (١) ئافرەت پێشتر بەندكراوە، ئەوانیتر (٩) كەس یەكەمجاریانە دەسگیر دەكرێن و بەهۆی ئالوودەبوونەوە گیراون.

٧) (٩) لەوانە خراوەنەتە بەر بەرنامەی سەرلەنوێ ئامادەكردنەوەو چاكبوونەوە، بەڵام (١) ئافرەت نەخراوەتە نێو ئەم بەرنامەیە.

٨) (٨) لەم ئافرەتانە لەناو چاكسازی خراوەتە بەر بەرنامەی ئامادەكردنەوەی دەروونی، بەڵام (٢) ئافرەت نەخراونەتە نێو ئەم بەرنامەیە.

٩) هەموو ئەو ئافرەتانەی فۆڕمیان پڕ كردۆتەوە، پەشیمانی خۆیان پیشانداوە لەبەكارهێنانی مادەی هۆشبەر.

١٠) (٤) لەو ئافرەتانە پێیان وایە بارودۆخی دەروونییان ئاساییە، بەڵام (٦) ئافرەت پێیان وایە بەهۆی بەكارهێنانی مادەی هۆشبەر باری دەروونییان باش نەبووەو كێشەی زۆریان بۆ دروستبووە.

١١) مادەی هۆشبەری باو لەنێو ئەم ئافرەتانە بریتی بووە لەكریستال و هیرۆیین و تلیاك، ئەو مادانەشیان لەلایەن برادەرانیان و لەبازاڕەوە دەست كەوتووە.

## داتاو زانیاری لەبارەی چاکسازی نەوجەوانان لەشاری هەولێر، کە لەلایەن ئیدارەی چاکسازییەوە فۆڕمەکە پڕکراوەتەوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| شار | هەولێر | | | |
| ناوی چاکسازی | چاکسازی نەوجەوانان هەولێر | | | |
| ژمارەی گشتی بەندییەکان | (٨٩) بەندی | | | |
| ژمارەی ئالوودە بووان | (١١) بەندی | | | |
| تەمەنی ئالوودە بوو | هەموویان تەمەنیان کەمترە لە (١٩) ساڵ. | | | |
| ئایین | ئیسلام (١١) کەس | مەسیحی | سابیئە | هی تر |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار | سەرەتایی | ناوەندی | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت (١١) کەس | | | |
| بنەماڵەکەی سەردانی دەکەن | بەڵێ (٧) کەس | نەخێر (٤) کەس | | |
| دانیشتووی | شار (١١) کەس | قەزاو ناحیەو گوند () کەس | | |
| پیشەو کار | بێکارە (٦) کەس | خاوەن کار (٥) کەس | | |
| پێشتر بەندکراوە | (٣) کەس زیاتر لەجارێك بەند کراون. | | | |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەوە | بەڵێ (٦) کەس | نەخێر (٥) کەس | | |

| | | |
|---|---|---|
| چاکبوونەوە؟ | | |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر بەرنامەی ئامادەکردنەوەی دەروونی؟ | بەڵێ (٦) کەس | نەخێر (٥) کەس |
| پەشیمانی پێوە دیارە؟ | (١١) کەس | |
| ڕەفتاری ئاساییە یا کێشەدارە؟ | ئاساییە (٢) کەس | کێشەدارو نائاساییە (٩) کەس |
| جۆری ئەو مادەیەی ئالوودەی بووە؟ | کریستال، هیرۆیین، تلیاك. | |
| شێوازەکانی ئالوودەبوون | لەڕێگای برادەر. | |
| چۆنیەتی دەسکەوتنی مادەی هۆشبەر | برادەر، بازاڕ. | |
| چەند دەبێت ئالوودەیە | (١١) کەس چەند مانگێکە. | |

## داتاو زانیاری لەبارەی چاکسازی نەوجەوانان لەشاری هەولێر.

لەنێو چاکسازی نەوجەوانانی هەولێردا، لەنێو (١١) بەندی تەنیا (٩) فۆرم پڕکراونەوەتەوەو، (٩) ئالوودە بوو وەڵامی فۆڕمەکانیان داوەتەوەو (٢) ئالوودە بوو ئامادە نەبوون فۆڕمەکان پڕبکەنەوە، بۆیە لێرەدا زانیاری و داتاکان لەبارەی ئەم (٩) فۆڕمەیە کە دەکاتە ڕێژەی نزیکەی (٩٢٪)، .

| شار | هەولێر | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی چاکسازی | چاکسازی نەوجەوانانی هەولێر | | | |
| ژمارەی گشتی بەندییەکان | (٨٩) بەندی | | | |
| ژمارەی ئەو کەسانەی فۆڕمیان پڕکۆدتەوە | (٩) بەندی | | | |
| تەمەنی ئالوودە بوو | کەمتر لە (١٩) ساڵ | | | |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار (٥) کەس | سەرەتایی (٢) کەس | ناوەندی (٢) کەس | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت (٩) کەس | | | |
| بنەماڵەکەی سەردانی دەکەن | بەڵێ (٦) کەس | نەخێر (٣) کەس | | |
| دانیشتووی | شار (٩) کەس | | | |
| پیشەو کار | بێکارە (٤) کەس | خاوەن کارە (٤) | | |
| پێشتر بەندکراوە | بەڵێ (٣) | نەخێر (٤) | | |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر | بەڵێ (٥) کەس | نەخێر (٤) کەس | | |

| | | |
|---|---|---|
| سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەو چاکبوونەوە؟ | | |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر بەرنامەی ئامادەکردنەوەی دەروونی؟ | بەڵێ (٥) کەس | نەخێر (٤) کەس |
| پەشیمانی پێوە دیارە؟ | (٩) کەس | |
| ڕەفتاری ئاساییە یا کێشەدارە؟ | کێشەدارو نائاساییە (٩) کەس | |
| جۆری ئەو مادەیەی ئالوودەی بووە؟ | حەبی ترامادۆل، کریستال، هیرۆیین. | |
| شێوازەکانی ئالوودەبوون | لەڕێگای برادەر. | |
| چۆنیەتی دەسکەوتنی مادەی هۆشبەر | برادەر، بازار، پارك، قوتابخانە. | |
| چەند دەبێت ئالوودەیە | (٩) کەس چەند مانگێکە، | |

## خوێندنەوەیەك بۆ داتاو زانیارییەكانی چاكسازی نەوجەوانان لەشاری هەولێر.

1) لەنێو (٨٩) بەندیدا، (١١) بەندی بەتۆمەتی ئالوودە بوون بەمادەی هۆشبەر بەندكراون.
2) لەبەرئەوەی تەمەنیان لەخوار (١٩) ساڵە، بۆیە هێشتا سەڵتن و هاوسەرگیریان نەكردووە.
3) نیوە زیاتریان (٥) كەس نەخوێندەوارن، (٢) كەس تا سەرەتاییان خوێندووەو، (٢) كەسیش چوونەتە ناوەندی.
4) (٦) بەندی بنەماڵەكەی سەردانی دەكەن و پێوەندییان بەردەوامە، بەڵام (٣) بەندی لەبنەماڵەكانیان دابڕاون و پێوەندییان پێیانەوە نەماوە.
5) هەموویان دانیشتووی ناو شاری هەولێرن.
6) ڕێژەی بێكاری لەناویاندا نیوە بەنیوەیە، (٤) یان بێكارن و (٤) یشیان خاوەنی كارن.
7) (٣) كەس پێشتر بەتۆمەتی تر بەندكراون، یەك كەسیان بۆ جاری چوارەمیەتی بگیرێت و پێشتریش سێجار دەسگیركراوە، بەڵام لەسەر تاوانی جیاواز بووە، ئەوە یەكەمجاری بووە كە لەسەر ئالوودە بوون دەسگیر بكرێت. یەكێك لەبەندییەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە تەنیا یەك مانگ و سێزدە ڕۆژە ئالوودە بووەو گیراوە.
8) (٥) لەم بەندییانە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە خراونەتە نێو بەرنامەی چاكسازی دەروونی و تەندروستی بۆ ئەوەی چارەسەر وەربگرن، بەڵام (٤) لەوانە ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە نەخراونەتە بەر هیچ بەرنامەیەكی چاكسازی.
9) هەر هەموویان پەشیمانن لەوەی ئالوودە بوون و حەز دەكەن بەزووترین كارت چارەسەر بكرێن و ئازاد بكرێن.
10) هەموو ئەوانەی فۆڕمەكانیان پڕ كردۆتەوە كە دەكاتە (٩٢٪) ی ئالوودە بووان، ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە ئالوودە بوون كێشەی دەروونی بۆ دروستكردوون و كێشەی زۆریان هەبووە.
11) بەشی زۆریان حەبی ترامادۆل بەكاردێنن، (٢) كەسیان كریستال و، (١) كەسیش هیرۆیین بەكاردێنن.
12) هەموویان لەڕێگای برادەرەوە تووشی ئالوودە بوون و لەپارك، قوتابخانەو بازاڕ دەستیان كەوتووە.
13) هەموویان تەنیا چەند مانگێكە تووشی ئالوودە بوون هاتوون.

# بەشی شەشەم

## داتاو زانیاری لەبارەی چاکسازی گەوران لەشاری سلێمانی

ئەوەی خوارەوە بریتییە لەوەڵامی ئەو فۆڕمەی بەتایبەتی بۆ ئیدارەی چاکسازی گەورانی سلێمانی ئامادە کراوەو، لەلایەن ئەوانەوە پڕ کراوەتەوە.

| شار | سلێمانی | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی چاکسازی | چاکسازی گەورانی سلێمانی | | | |
| ژمارەی گشتی بەندییەکان | ١٠٢٩ بەندی تیدایە. | | | |
| ژمارەی ئەو کەسانەی ئالوودە بوون | (١٩٤) سزادراو بەتۆمەتی ئالوودەبوون بەمادەی هۆشبەر حوکم دراون. هەروەها (١١٣) کەسیش بەتۆمەتی بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەر حوکم دراون. بەو مانایەی کۆی گشتی بەندییەکان لەبارەی پرسی مادەی هۆشبەر (٣٠٧) بەندین. | | | |
| ئایین | ئیسلام (هەمووی) | مەسیحی | سابیئە | هی تر |
| باری تەندروستی | تەندروست (٧٠٪) | نەخۆشی درێژخایەن (٣٠٪) | کەم ئەندام (نییە) | |
| باری دەروونی | تەندروستن (٤٥٪) | نەخۆشی دەروونی (٥٠٪) | نەخۆشی عەقڵی (٥٪) | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت (٤٠٪) | خێزاندار (٥٥٪) | جیابۆتەوە (٢٪)، هاوسەری مردووە (٣٪) | |
| بنەماڵەکەی سەردانی دەکەن | بەڵێ (٩٨٪) | نەخێر (٢٪) | | |
| دانیشتووی | شار (٤٠٪) | قەزاو ناحیەو گوند (٦٠٪) | | |
| پیشەو کار | بێکارە (٣٥٪) | خاوەن کارە (٦٥٪) | | |
| جۆری ئەو مادەیەی ئالوودەی بووە؟ | شیشە، حەشیش، کریستال، هێرویین، تلیاك، حەبی ترامادۆل. | | | |
| چۆنیەتی دەسکەوتنی مادەی هۆشبەر | لەڕێگای هاوڕێ و، باندەکانی فرۆشتن لەناو بازاڕ، بەشێکیش لەوانە هاتووچۆی سنوورەکانیان کردووەو لەوێوە دەستیان کەوتووە. | | | |

**داتاو زانیاری لەبارەی چاکسازی گەوران لەشاری سلێمانی، لەڕێگای فۆڕم پڕکردنەوەی بەندییەکان.**

**ئەم داتایانە لەڕێگای دابەشکردنی (١٠) فۆڕم بەدەستهاتوون بەسەر بەندییەکانی چاکسازی گەورانی سلێمانی و، لەلایەن خۆیانەوە پڕ کراوەتەوە.**

| شار | سلێمانی | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی چاکسازی | چاکسازی گەورانی سلێمانی | | | |
| ژمارەی گشتی بەندییەکان | ١٠٢٩ بەندی، ژمارەی فۆڕمی دابەشکراو تەنیا (١٠) فۆڕم. | | | |
| تەمەنی ئالوودە بوو | | (١٩) بۆ (٣٠) ساڵ، (٧) کەس | (٣٠) بۆ (٤٠) ساڵ، (٣) کەس | سەرووی (٤٠) ساڵ، (نییە) |
| ئایین | ئیسلام (١٠) کەس | | | |
| باری تەندروستی | تەندروست (١٠) کەس | | | |
| باری دەروونی | تەندروستن (١٠) کەس | | | |
| ئاستی خوێندەواری | سەرەتایی (٢) کەس | ناوەندی (٧) کەس | پەیمانگا (١) کەس | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت (٨) کەس | خێزاندار (٢) کەس | | |
| بنەماڵەکەی سەردانی دەکەن | بەڵێ (٩) کەس | نەخێر (١) کەس | | |
| دانیشتووی | شار (٦) کەس | قەزاو ناحیەو گوند (٤) کەس | | |
| پیشەو کار | بێکارە (٢) کەس | خاوەن کارە (٨) کەس | | |
| پێشتر بەندکراون | بەڵێ (١٠) کەس پێشتر بەندکراون. | | | |
| چەندجار حوکم دراون | – (٤) کەس دووەمجارە حوکم بدرێن، یەکێکیان (٩) ساڵە ئالوودەیە، یەکێکیشیان (١٠) ساڵە ئالوودەیە، دوو کەسیشیان (٥) ساڵە ئالوودەن.<br>– (٥) کەس سێیەمجاریانە حوکم بدرێن. یەکێکیان (١٤) ساڵە ئالوودەیە، یەکێکی تریشیان (٨) ساڵە ئالوودەیە، یەکێکیشیان (٧) ساڵە ئالوودەیە، یەکێکیشیان (٥) ساڵە ئالوودەیە، یەکێکیش (٤) ساڵە ئالوودە بووە.<br>– (١) کەسیش چوارەم جارییەتی حوکم بدرێت ولەسجن فێری ئالوودە بوون و (٥) ساڵە ئالوودەییە. | | | |
| جۆری ئەو مادەیەی ئالوودەی بووە؟ | (٥) کەس لەڕێگای شیشەوە، (٢) کەس کریستال، (١) هێروویین، (١) تلیاك، (١) حەشیش. | | | |

| | |
|---|---|
| شێوازەکانی ئالوودەبوون | (٧) کەس بەهۆی برادەرانەوە. |
| چۆنیەتی دەسکەوتنی مادەی هۆشبەر | (٦) کەس لەوانە لەڕێگای هاتووچۆکردنی سەر سنوورەوە دەستیان کەوتووە، (٤) کەسیش لەبازاڕ لەڕێگای باندەکانەوە. |

## خوێندەوەیەك بۆ داتاو زانیارییەکانی چاکسازی گەوران لەشاری سلێمانی.

١) یەکێك لەوانەی بۆ سییەمجارە حوکم بدرێت، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە (٤) ساڵە ئالوودەیە، بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت، خۆی چۆتە نەخۆشخانەو داوای چارەسەری کردووە، لەنەخۆشخانە ئاسایشیان بۆ بانگکردووەو سجن کراوەو حوکم دراوە.

٢) یەکێك لەوانەی دووەمجارە حوکم بدرێت ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لەژیانی خۆی بێزار بووەو ویستوویەتی چارەسەر وەربگرێت، بەڵام نەیزانیوە دەبێت چی بکات و متمانەی بەکەسیش نەبووە داوای هاوکاری و یارمەتی لێ بکات.

٣) یەکێك لەوانەی چوارجار حوکم دراوە، ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە ماوەی (٥) ساڵە ئالوودە بووەو، پێشتر لەکاتی بەسەربردنی حوکمەکانی پێشووتری لەسجن فێری بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بووەو لەو کاتەوە ئالوودەیە.

٤) هەموو ئەوانەی فۆڕمیان پڕ کردۆتەوە لەباری تەندروستی و دەروونییەوە باش و سەلامەتن.

٥) زۆرینەیان سەڵتن و تەنیا (٢) کەس لەوانە هاوسەرگیریان کردووە.

٦) زۆرینەیان لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە سەردانی دەکرێن، تەنیا (١) کەیس نەبێت بنەماڵەکەی سەردانی ناکەن و لێی تووڕە بوون.

٧) زۆرینەیان خاوەنی کارن و تەنیا (٢) کەسیان بێکارن.

٨) هەموویان پێشتر بەتۆمەتی تر بەندکراون و حوکمدراون.

# داتاو زانیاری لەبارەی چاکسازی نەوجەوانان لەشاری سلێمانی.

ئەوەی خوارەوە بریتییە لەوەڵامی ئەو فۆڕمەی بەتایبەتی بۆ ئیدارەی چاکسازی ئامادە کراوەو لەلایەن ئەوانەوە پڕ کراوەتەوە.

| شار | سلێمانی | | | |
|---|---|---|---|---|
| ناوی چاکسازی | چاکسازی نەوجەوانان سلێمانی | | | |
| ژمارەی گشتی بەندییەکان | ١٥ بەندی | | | |
| ژمارەی ئەو کەسانەی ئالوودە بوون | تەنیا (٣) سزادراو. | | | |
| تەمەنی ئالوودە بوو | کەمتر لە (١٩) ساڵ (٣) کەس | (١٩) بۆ (٣٠) ساڵ | (٣٠) بۆ (٤٠) ساڵ | سەرووی (٤٠) ساڵ |
| ئایین | ئیسلام (٣) | | | |
| باری تەندروستی | تەندروست (٣) کەس | | | |
| باری دەروونی | تەندروست (٣) | | | |
| ئاستی خوێندەواری | نەخوێندەوار (نییە) | سەرەتایی، (١) کەس | ناوەندی (٢) کەس | |
| باری کۆمەڵایەتی | سەڵت (٣) | خێزاندار (نییە) | جیابۆتەوە، هاوسەری مردووە (نییە) | |
| بنەماڵەکەی سەردانی دەکەن | بەڵێ (٢) کەس | نەخێر (١) کەس | | |
| دانیشتووی | شار (نییە) | قەزاو ناحیەو گوند (٣) کەس | | |
| پیشەو کار | بێکارە (٣) | خاوەن کارە (نییە) | | |
| پێشتر بەندکراوە | نەخێر پێشتر بەند نەکراون | | | |
| چەندجار حوکم | نییە. | | | |

| | |
|---|---|
| دراوە | |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر سەرلەنوێ ئامادەکردنەوەو چاکبوونەوە؟ | نەخێر. |
| ئایا لەناو چاکسازی خراوەتە بەر بەرنامەی ئامادەکردنەوەی دەروونی؟ | لەڕێگای ڕێکخراوەکانەوە. |
| پەشیمانی پێوە دیارە؟ | بەڵێ (١) کەس. نەخێر (٢) کەس. |
| ڕەفتاری ئاساییە یا کێشەدارە؟ | نەخێر. |
| جۆری ئەو مادەیەی ئالوودەی بووە؟ | ترامادۆل، هیرۆیین، حەشیش، کریستال. |
| شێوازەکانی ئالوودەبوون | بەهۆی برادەرانەوە. |
| چۆنیەتی دەسکەوتنی مادەی هۆشبەر | لەڕێگای باندەکانەوە. |

# بەشی حەوتەم

# ئە نجامی تویژینەوەو ڕاسپاردەكان

## پوختەی لیكۆلینەوە.

تویژینەوەو ڕاپۆرتە تازەكان لەسەر ئاستی جیهان، ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كیشەی بلاوبوونەوەی مادە هۆشبەرو ئالوودە بوون پییان، هەمیشە لەزیاد بووندایە، بەشیوەیەك سالانە ناوچەو كولتوورو شارستانییەتی تازە دووچاری ئەم كیشەو گیرو گرفتە دین. سەرەڕای ئەوەی هەر لەسەر ئاستی جیهانیدا، كۆمەلیك ڕیكارو ڕیو شوینی توووند گیراوەتەبەرو، بەپیی یاسا لەنیو زۆربەی ولاتانی جیهان، بەكارهینانی مادەی هۆشبەر قەدەغەكراوە، بەلام پیدەچیت ئەم ڕیگارانە بەتەنیا بەس نەبن، بۆ ڕیگرتن لەبلاوبوونەی مادەی هۆشبەر، بەتایبەتیش سالانە لەسەر ئاستی جیهاندا، ملیارەها دۆلار قازانجی ئەم جۆرە بازرگانییە نا یاساییە.

بەپیی هەندیك تویژینەوە، لەسالی (٢٠٠١) دا، بازرگانیكردن بەمادەی هۆشبەر (٨٪) كۆی گشتی بازرگانی جیهانی پیكهیناوە. بەپیی ڕاپۆرتی پرۆگرامی گەشەپیدانی نەتەوە یەكگرتووەكانیش، كۆی پارەی دەسەكوتووی بازرگانیكردن بەمادەی هۆشبەر لەسەر ئاستی جیهانی زیاتر لە (٥٠٠) ملیار دۆلاری سالانەیە، بۆیە لەداهاتی نەوتی ولاتانی بەرهەمهینی نەوت زیاترەو، بەپلەی دووەم دیت لەسەر ئاستی داهاتی سالانەی جیهانیدا، دوای بازرگانیكردن بەچەك.([1])

پیدەچیت باندەكانی بازرگانیكردن لەنیو زۆر لەولاتان، دەسەلاتیان هەبیت، یا بەشیوەیەكی نا ڕاستەوخۆ بەشیك لەدەسەلاتی نیو ئەم ولاتانە لەم جۆرە بازرگانییە تیوەگلابن، بۆیە هەمیشە ڕیگاو شیوازی تازە دادەهینن بۆ برەودان بەبازرگانییەكەیان، بیّ ئەوەی ویژدانیان ئازاریان بدات، بەهۆی ئەوەی ملیۆنەها مرۆڤ دووچاری مالویرانی و ئالوودە بوون و كارەسات دەكەن.

بەشیكی گرنگی ئەم بەرەنگاربوونەوەیەی بازرگانیكردن بەمادەی هۆشبەر، دەبیت ئاڕاستەی كۆی گشتی كۆمەلگە بیت و، كۆمەلگە لەمەترسییەكانی بلاوبوونەوەی ئەم دیاردەیە وشیار بكریتەوە، ئەوەش بەشیكی بنچینەیی ئەم تویژینەوەیەی ئیمەیە. ئەگەر ئیمە لەهەریمی كوردستان، بەهۆی كۆمەلیك فاكتەری ناوخۆییی و دەرەكی، نەتوانین بەشیوەیەكی كارا بەرەنگاری بازرگانانی مادەی

---

[1]) عوامل الخطر والوقاية من تعاطي الشباب للمخدرات، فريدة قماز، بحث لنيل شهادة الماجستير في جامعة منتوري قسنطينة الجزائرية، ٢٠٠٩، ص١٤.

هۆشبەر ببینەوە، بەڵام دەتوانین کار لەسەر وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بکەین، بەتایبەتیش توێژی گەنجان، چونکە یەکێك لەڕێگا کاراکانی بەرەنگاربوونەوە، بریتییە لەهەوڵی کەمکردنەوە کڕیارو بەکارهێنەر.

پرۆسەی کەمکردنەوەی کڕیارو بەکارهێنەر، پێویستی بەوشیاری و زانین و خۆپاراستن هەیە. لەهەمان کاتیشدا، کێشەیەکی فرە ڕەهەندو فرە ئاستە، لەبەرئەوەی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەبێت لەسەر ئاستی کۆی گشتی کۆمەڵگەدا کاری لەسەر بکرێت و، تاکە لایەنێك و دەزگایەك و وەزارەتێك و، تەنانەت حکومەتیش بەتەنیا ناتوانێت ئەم دیاردەیە لەناو ببات، یا کەمتری بکاتەوە. بۆیە ئەگەر لەڕابردوودا هەرێمی کوردستان ڕێڕەوێك بوو بێت بۆ گواستنەوەو بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەر، ئەوە لەئێستادا وا خەریکە دەبێتە بازاڕێکی گەورە بۆ بازرگانان، لێرەوە قۆناغی مەترسیدار دەست پێدەکات، کاتێك بەشێك لەکۆمەڵگە، هەرچەندە کەمیش بێت، بەڵام ئالوودە دەبێت.

کێشەی بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی ئالوودە بوون بەمادەی هۆشبەر، دەبێت لەسەر چەندین ئاستی جیاواز ئیشی لەسەر بکرێت. لەلایەك، بەرهەمهێنەرەکان هەن، ئەوانە مادە سەرەکییەکە بەرهەم دێنن. دواتر، بازرگانان دێن و بڵاوی دەکەنەوەو دەیفرۆشن. ئینجا بەکاربەرو ئالوودە بووی مادەی هۆشبەر دێت و دەبێتە قوربانی دەستی ئەم دووانەی سەرەوە.

بۆیە بڵاوکردنەوەی مادەی هۆشبەر، پرۆسەیەکی هەڕەمەکی و سادەو ئاسایی نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی ڕێکخراوەو کۆمەڵێك باندی دەسەڵاتدارو باڵادەستی لەپشتەوەیە، کەسانێکی لەپشتەوەیە پۆستی حکومی و حزبی خۆیان لەپێناو ئەم بازرگانییە بەکاردێنن، بۆیە پڕە لەکێشەو مەترسی و ئاڵۆزی و، بەچەندین کەناڵی جیاوازدا تێدەپەڕێت، تاوەکو لەکۆتاییدا دەگاتە دەستی ئالوودە بووان بەمادەی هۆشبەرو قوربانیانی دەستی ئەم دیاردەیە.

لەبەر گەورەیی و کێشە مەزنەکانی بڵاوبوونەوەی مادەی هۆشبەر، لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتیدا، کۆمەڵێك دەزگاو دامەزراوەی تایبەت و نیمچە تایبەت دامەزراون، بۆ ئەوەی پێکەوە لەگەڵ حکومەتی وڵاتان هەماهەنگی بکەن و ئەم دیاردەیە ڕیشەکێش، یا کەمتر بکەنەوە. بۆیە ئەم دامەزراوانە بەشێوەیەکی گشتی ئیش لەسەر لەناو بردن و بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان دەکەن لەسەر ئاستی جیهانیدا.

پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی مادە هۆشبەرەکان (UNDCIP)، بەشی مادە هۆشبەرەکان لەپۆلیسی نێو دەوڵەتی (INTERPOL)، دەستەی نێو دەوڵەتی چاودێریکردنی مادە هۆشبەرەکان (INCB)، ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (WHO)، ڕێکخراوی کاری نێو دەوڵەتی

**(ILO)، سندوقی نێو دەوڵەتی پرۆگرامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ لەناوبردنی مادە هۆشبەرەکان و پاراستن لێی (UNFDAC) کە یارمەتی ئەو وڵاتانە دەدات کێشەی چاندن و بازرگانیکردن و بەکارهێنانی مادەی هۆشبەریان هەیە.**

**بۆیە تاوەکو ئێمەش لەهەرێمی کوردستان بتوانین بەرەنگاری ئەم دیاردە تازەیەی نێو کۆمەڵگەی کوردستانی ببینەوە، لەلایەك پێویستە داوای هاوکاری و هەماهەنگی لەم دامەزراوە نێو دەوڵەتییانە بکەین، لەلایەکی تریش پێویستە یاسایەکی تایبەتمان هەبێت و لەلایەنی پەرلەمانی کوردستانەوە بەیاسایەك بڕیاری لەسەر بدرێت.**

**هەروەها پێویست دەکات دامەزراوەیەکی گەورە لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی وەزیران پێکبهێندرێت، بۆ بەدواداچوونی ئەم دیاردەیەو دانانی پلانی نزیك مەوداو دوور مەوداو، بەدوا داچوون بکات بۆ شێوازی بڵاووبوونەوەی مادەی هۆشبەرو، ئەو کەس و لایەنانەی لەپشت بازرگانیکردنن پێیەوەو، ئالوودە بووانیش وەکو قوربانی تەماشا بکرێن و بخرێنە ژێر بەرنامەیەکی پتەوی تەندروستی و پزیشکی، بۆ ئەوەی چارەسەری وەربگرن و بتوانن وەکو کەسێکی تەندروست و چالاك و بەرهەمهێن، بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگە.**

# ئه نجام و ڕاسپاردەکان

## ئه نجامەکان

١) دەرکەوتووە کە لەهەرێمی کوردستان مادەی هۆشبەری جۆری حەبی ترامادۆل بەپلەی یەکەم دێت لەبەکارهێناندا، ئینجا حەشیش بەپلەی دووەم دێت، دواتر هیرۆیین و مادە جییاوازەکانی تر دێن.

٢) توێژینەوەکە بۆی دەرکەوتووە ئێمە لەهەرێمی کوردستان خاوەنی یاسایەکی تازەو شارستانی نین بۆ بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان. ئەگەرچی لەعێراق ساڵی (٢٠١٧) یاسای ژمارە (٥٠) ی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی مادە هۆشبەرەکان دەرچووە، بەڵام ئەم یاسایە لەهەرێم ئینفاز نەکراوەو کاری پێناکرێت، جگە لەوەش کۆمەڵێك تێبینی لەبارەیەوە هەیە. بۆیە، لەهەرێمی کوردستاندا بەپێی یاسای سزای عێراقی ساڵی (١٩٦٩) ی هەموار کراو کار دەکرێت، ئەم یاسایەش کۆنەو لەگەڵ سەردەمی ئێستا ناگونجێت.

٣) بەپێی ئەم توێژینەوەیە، بەشێك لەبەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر دووچاری کێشەی کۆمەڵایەتی هاتوون و لەلایەن بنەماڵەکانیانەوە سەردانیان ناکرێت و فەرامۆشکراون.

٤) لەئێستادا ئالوودە بوون بەمادەی هۆشبەر وەکو عەیبەیەکی کۆمەڵایەتی تەماشا دەکرێت و هەوڵدەدرێت لەلایەن خێزانەوە بشاردرێتەوە. هەروەها، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هیچ داتایەکی فەرمی ڕاستەقینەو یەکگرتووی بڵاونەکردۆتەوە، چ لەبارەی دەسگیرکردنی باندەکانی بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەرو سزاکانیان، چ لەلایەن ئەو کەسانەی ئالوودە بوون و بوونەتە قوربانی.

٥) بەشێکی زۆر لەوانەی بەهۆی ئالوودە بوونەوە گیراون و بەندکراون، تەنیا چەند مانگێکە ئالوودە بوون. کەواتە، ئالوودە بوون وەکو دییاردەیەکی مەترسیدار خەریکە لەم چەند ساڵەی دوایی بڵاودەبێتەوە.

٦) بەشی هەرە زۆرینەی ئالوودە بووان بەهۆی هاوڕێکانیانەوە ئالوودە بوون، لەڕێگای ئەوانەوە فێربوون و لەڕێگای ئەوانیشەوە مادەی هۆشبەریان دەست دەکەوێت.

٧) خەڵکانێك هەن بەهۆی تاوانێکی تر بەندکراون، لەبەندیخانە بەهۆی تێکەڵاوبوون لەگەڵ ئالوودە بووان، فێری بەکارهێنانی مادەی هۆشبەر بوون و، دواتریش ئالوودە بوون.

٨) بەشێکی زۆری بەندییەکان نەخراونەتە نێو پرۆگرامی تایبەت بەوشیارکردنەوەو ئامادەکرنەوەی دەروونی و تەندروستی، تاوەکو دوای ئەوەی ماوەی سزاکەیان تەواو دەکەن، بتوانن بگەڕێنەوە نێو کۆمەڵگەو بەیەکجاری واز لەمادەی هۆشبەر بێنن.

٩) بەشێکی زۆر لەئالوودە بووان بەهۆی ئالوودە بوونەوە دووچاری کێشەی دەروونی هاتوون و کێشەی زۆریان هەیە.

١٠) هەموویان پەشیمانن لەوەی ئالوودە بوون، حەز دەکەن بەزووترین کارت چارەسەر بکرێن و ئازاد بکرێن و، ئامادەن بۆ ئەوەی بچنە نێو قۆناغی چارەسەری.

١١) مادەی هۆشبەری باو لەنێو ئافرەتان بریتی بووە لەکریستال و هیرۆیین و تلیاك، ئەو مادانەشیان لەلایەن برادەرانیان و لەبازاڕەوە دەست کەوتووە. لەکاتێکدا مادەی باوی نێو پیاوان حەبی ترامادۆل بووە.

## ڕاسپاردەکان

١) دانانی یاسایەکی تازەو سەردەمییانە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بۆ ڕێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی ئالوودە بوون بەمادەی هۆشبەرو، سەپاندنی سزای توونـد بەسەر ئەو کەسانەی بازرگانی پێوە دەکەن.

٢) دانانی سیستەمێکی کۆمپیوتەری سەرتاسەری لەهەرێمی کوردستان بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەبارەی کەسانی ئالوودە بوو و، ئەو مادانەی پێی ئالوودە بوون و، نوێکردنەوەی ئەم داتایانە بەشێوەی مانگانە، تاوەکو بزانین ئایا بەهۆی هەنگاوەکانمان بەرەوپێشەوە دەچین، یا پاشەکشە دەکەین.

٣) پێکهێنانی لێژنەیەکی وەزاری باڵا لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی وەزیران و لەژێر سەرپەرشتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، کە لەوەزارەت پێوەندیدارەکان پێکهاتبێت، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم دیاردەیەو دانانی بەرنامەیەکی زەمەنی و جێبەجێکردنی و چاودێریکردنی.

٤) بایەخدان بەئامادەکردنی پۆلیس و ئاسایش بۆ تێگەیشتن لەم دیاردەیەو کردنەوەی خوولی تایبەت بۆیان، تاوەکو تێگەیشتنێکی باشتریان هەبێت لەبارەی ئالوودە بووان و، شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیان بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ. هەروەها خوولی تازەو نوێیان بۆ بکرێتەوە لەبارەی ناسینی مادە هۆشبەرەکان و کاریگەرییەکانی بەسەر مرۆڤ.

٥) هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی سیمینارو کۆڕو کۆنفرانسی زانستی تایبەت بەم دیاردەیەو شێوازەکانی بەرەنگابوونەوەی. هاندانی نووسینی لێکۆڵینەوەی تایبەت بەئالوودە بووان، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی زانکۆکاندا.

٦) مامۆستایانی زانکۆو دوا ناوەندییەکان ڕاهێنانیان پێبکرێت و خوولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە، بۆ ناسینی ئەو قوتابیانەی ئالوودە بوون بەمادەی هۆشبەرو، بەهاوکاری لەگەڵ ئیدارەو خێزان، هەوڵی یارمەتیدان و چارەسەرکردنیان بدەن.

٧) دامەزراندنی نەخۆشخانەی تایبەت بەچارەسەرکردنی ئالوودە بووان لەهەر چوار شارەکانی هەرێمی کوردستان و، دابینکردنی کەل و پەل و دەرمان و پزیشکی پێویست بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە. لێرەدا دەکرێت سوود لەئەزموونی وڵاتان وەربگیرێت لەم بارەیەوەو بۆ ماوەیەکی کاتیش بێت، دەکرێت پزیشك و پسپۆڕی تایبەتی بێگانە لەم نەخۆشخانانە کار بکەن، تاوەکو پزیشك و کادری خۆماڵی لەسەر دەستیان ڕادەهێنرێن و فێر دەبن، چونکە ئەوە دیاردەیەکی تازەیە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا.

٨) ئەنجامدانی هەڵمەتی وشیارکردنەوەی گەورە لەسەر ئاستی پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، بە بەشداری دەزگاکانی ڕاگەیاندن و، پزیشکان و، چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤ و، پیاوانی ئایینی و ... تاد.

٩) تا ئێستاش لەنێو هەرێمی کوردستاندا خێزان بنەمایەکی بەهێزی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەو منداڵان لەباوەشی خێزان پەروەردەو گەورە دەبن، بۆیە لەسەر باوکان پێویستە ڕەچاوی بنەماکانی پەروەردەی باش بکەن کە لەسەر بنەماکانی کاری باشەو دوور کەوتنەوە لەکاری خراپە دامەزراوەو، هەوڵبدەن بزانن منداڵانیان چ جۆرە هاوڕێیەکیان هەیەو لەگەڵ کێ هەڵس و کەوت دەکەن و، سەردانی چ شوێنێك دەکەن.

١٠) زیندانی نەکردن و دەسگیر نەکردنی ئەو کەسانەی بۆ یەکەمجاریانە مادەی هۆشبەر بەکاردێنن، یا ماوەیەکی کەمە فێری بەکارهێنانی بوون. لەبری ئەوە بەهاوکاری خێزانەکانیان بخرێنە نێو بەرنامەی سەرلەنوێ ئامادەکرنەوەو گێڕانەوە بۆ نێو کۆمەڵگەو، بخرێنە نەخۆشخانە تاوەکو لەژێر چاودێری پزیشکی تایبەت، جەستەیان لەم جۆرە ژەهرانە پاك بکرێتەوەو، هاوکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی بکرێن. ئەوانەی بێکارن، هەوڵبدرێت کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، یا فێری پیشەیەك بکرێن و هانبدرێن بۆ کارکردن.

١١) سەپاندنی سزای تووند بەسەر ئەو کەسانەی بازرگانی بەمادەی هۆشبەر دەکەن، بەشێوەیەك هیچ جۆرە لێبوردنێکی گشتی و تایبەتی نەیانگرێتەوە.

١٢) بابەتی مادەی هۆشبەر بخرێتە نێو خوێندن، بەتایبەتی لەقۆناغی دوا ناوەندیدا، یا دەکرێت لەقۆناغی یەکەمدا مامۆستایان ڕابهێنرێن بۆ ئەوەی وانەی تایبەت بەقوتابیان بلێنەوە لەبارەی مەترسییەکانی مادەی هۆشبەر.

١٣) دەبێت ئالوودە بوون بەمادەی هۆشبەر، چیتر وەکو عەیبەیەکی ئابڕووبەر تەماشا نەکرێت و، خێزانەکان هاند بدرێن یارمەتی ئەندامانی ئالوودەی خۆیان بدەن و پاڵپشتیان بکەن بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی.

١٤) دەبێت جیاکاری بکرێت لەنێوان بازرگانیکردن بەمادەی هۆشبەرو، بەکارهێنەرانی مادەی هۆشبەر، چونکە ئەوانەی بازرگانی بەمادەی هۆشبەر دەکەن، شایانی سزای توونددن، بەڵام ئالوودە بووان دەبێت وەکو قوربانی مادەی هۆشبەر تەماشا بکرێن و یارمەتی بدرێن بۆ ئەوەی چاك ببنەوە.

# کۆتایی